

بۆقێ ناو چاڵەکە

بەقا دبنێ بیرێ دا

# دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ

SPIREZ PRESS & PUBLISHER

خودانێ ئمتیازێ : حافظ قاضی

سەرنڤیسەر : مؤید طیب

هژمارا کتێبێ : ( 28 )

ناڤێ کتێبێ : بەڤا دبنێ بیرێ دا

نڤیسین : ئالڤین ترێسلت

وەرگێران ژ فارسی :

بۆ کرما نجیا ژێری : نەجیبە نەحمەد

بۆ کرما نجیا ژۆری : زوبەیدا سەید سالح

پێداچوونا زمانی : موئەیەد تەیب ( کرما نجیا ژۆری )

نیگار : نەجمەددین بیری

تیپچنین : شێرزاد محمد عمر

دەرهێنانا هونەری : نزار رشاد

سەرپەرشتکارێ چاپێ : زاگروس محمود

ژمارا سپاردنێ : ( ) 2003

چاپخانە : وەزارەتا پەروەردێ ـ هەولێر

تیراژ : (1000) دانە

چاپا ئێکێ



مافێن چاپکرنێ د پاراستینە



کوردستانا عیراقێ ـ دهوك

ناڤاهیێ سەندیکا کرێکارێن کوردستانێ ـ ڤاتێ سێیەم

www. spirez. com 7225376 تەلەفون

# بۆقی ناو چاڵەکە
# بەقا د بنێ بیرێ دا

نڤیسین : ئالڤین ترێسلت



**وەرگێران ژ فارسی**

بۆ کرمانجیا ژێری    نەجیبە ئەحمەد

بۆ کرمانجیا ژۆری    زوبەیدا سەید سالح

**پێداچوونا زمانی**

موئەیەد تەیب

**نیگار**

نەجمەددین بیری

دهۆك 2003


یەکێ بوو یەکێ نەبوو. لە ڕۆژگاری ڕابردوودا بۆقێك هەبوو کە لەچاڵێکدا بە چاکی و ئاسودەیی ئەژیا.
چاڵەکە قوڵ و فێنك بوو. دەوران دەوریشی، یانی دیوارەکەی لە بەردی لوس و قەوزەیی بوو کە ئەمە بۆ ژیانی بۆقێکی سەوز و خوێن سارد یەگجار لە بار بوو.
لە بنی بیرەکە دا حەوزێکی بچوك هەبوو ئاوێکی تا بڵێی سارد و ساف و ڕەوانی تێدا کۆببۆوە، کە بۆقەکە مەلە و شەڕە ئاوی تێدا ئەکرد.
هەندێ جاریش سەیرێکی ئەکرد و بەخۆی ئەوت:
"بەراست چ بۆقێکی چکۆلە و جوانی!"
سەرەوەی بیرەکە بنمیچێك بوو لە ئاسمانی شین و پەڵە پەڵە هەوری سپی پێوە ئەبینرا.

هەبوو نەبوو، د ڕۆژگارێن کەڤن دا، بەقەك هەبوو ب خۆشی و تەناهی د بنێ بیرەکێ دا دژیا. بیر یا کویر و هین بوو. ڕەخ و ڕوییێن بیرێ ـ ئانکو دیوارێ وێ ـ ژ بەرێن لووچ و کەڤزگرتی بوون، ئەڤە ب خۆ ژی گەلەك دگەل ژیانا بەقەکا کەسك و خوینسار د گونجیا.
د بنێ بیرێ دا، گەرکەکا ئاڤا تەزی و زەلال کۆم بووبوو. بەقێ د ڤێ ئاڤێ دا مەلەڤانی و یاری دکرن و هندەك جارا ژی دا سەح کەتە خۆ و ددلێ خۆدا دا بێژیت:
" ب ڕاستی تو بەقەکا بچویك و جوانی!"
ل هنداڤ بیرێ، بانەك ژ ئەسمانێ شینێ ب پنییێن عەورێن سپی هاتیە خەملاندن، دهاتە دیتن.



هەندێ شەو کە مانگ ئەهات بۆ پیاسە و گەڕان، سەرێکی ئەکێشایە ناو چاڵەکە و سەیرێکی ئەم بۆقە بەختەوەرەی ئەکرد کە لە سەر جێگا قەوزەیەکەی خۆی راکشاوە و چاوێ گەرم ئەکات.
ئەو گیانەوەرە بچوك و نەشارەزایانەی ئەیانویست بزانن لە ناو ئەو چاڵەدا چ باسە، ئەبوونە خۆراکێکی چەور و بەلەزەتی ئەم بۆقە بچوك و سەوزە.

هندەك شەڤا کو هەیڤ بۆ گەریانێ دهات، ب دزیڤە سەرەك ل بیرێ ددا و چاڤێ خۆ ل بەقا بەختەوەر کو ل سەر جهێ خۆ یێ کەڤزگرتی پاڵ دابوو، دنقاند.
جانەورێن بچویك و نەشارەزا ژی یێن دڤیان بزانن کا چد بنێ بیرێ دا هەیە، هەردەم دبوونە خارنەکا خۆش بۆ ڤێ بەقا بچویك وکەسك.




بەڵام ئەم بۆقە لەوەتەی  بیری بێ لە بنی ئەم چاڵەدا بووە؛ بۆیە بیرێکی یەگجار سەیری بۆ خۆی کردبووەوە.
ئەو وای ئەزانی کە ئەم چاڵە هەموو دنیایە! نەی ئەزانی گوڵی مینا چۆنە.
یان ڕۆژانی بەهار چ بۆنێکیان هەیە.
هەرگیز نەچووبووەوە سەر درەختێك و سەرانسەری شەو لە وێدا قیڕە قیڕی نەکردبوو.
قەت نەچوو بووە سەرگەڵای زەمەقییەکی ئاوی و لەوێوە تیشکی خۆری وەرنەگرتبوو. بۆقی تریشی هەر نە دیبوو!
ئەشی وت: "دنیا لەم بەردە لوسانە و ئەم حەوزە بچوکەی بنی ئەم چاڵە زیاتر شتێکی دی نییە".
بەڵام پاش چەند ڕۆژێك ئاوی چاڵەکە وشکی کرد و ئەو گیانەوەرانەی شەیدای زانین بوون چیتر بۆ بینینی چاڵەکە ڕوویان نەکردەوە ئێرە.

هندی بیرا بەقێ دهات، ژیانا خۆ دڤێ بیرێ دا بۆراندبوو لەوما هندەك هزرێن سەیر ل دەڤ پەیدا بووبوون.
ئەوێ هزر دکر کو ئەڤ بیرە هەمی دنیایە!
وێ نە دزانی گولێن مینا د چاوانن.
یان ڕۆژەکا بوهاری چ بێهن هەیە.
چ جارا ل سەر دارەکێ نەروینشتبوو و ب درێژاهییا شەڤێ ویر ویر نەکربوو.
چ جارا خۆ ل سەر بەلگێ زەنبەقەکا ئاڤی نەدابوو تاڤێ.
چ بەقێن دی ژی نەدیتبوون!
وێ دگۆت:
" دنیا ژ بلی ڤان بەرێن لووچ و کەڤزگرتی و گەرکا ئاڤێ، پێڤە تر نینە "
بەلێ، پشتی چەند ڕۆژەکا، ئاڤا بیرێ ب ئێکجاری هشك بوو. ئێدی ئەو جانەوەرێن بچویك ژی یێن دڤیا بزانن چ د بنێ بیرێ دا هەیە سەرەدانا بیرێ نە دکر.



جا باشە ئێستا ئەم بۆقە بچوك و نەشارەزایە ئەیەوێ چیبکا؟
خۆ نە ئاوێك ماوە مەلـەی تێدا بکات.
نە ئاوێنەیەك پێی بلێ چ بۆقێکی جوانە و نەگیانەوەرێکیش هەیە بیخوا.

باشە، نوکە ئەڤ بەقا بچویك و نەشارەزا چ بکەت ؟
نە ئاڤەکە، مەلـەڤانیا تێدا بکەت، نە خودیکەکە کو بێژیتێ "
چەند بەقەکا جوانی" و نە جانەوەرەك ژی هەیە بخۆت!




بۆقەکە بە بۆڵە بۆڵەوە وتی: "چاك وایە تا هێزی هەڵزنانم تیایە بڕۆم، بزانم ئەوپەری دنیا چی تیایە".

ئینجا لە پڕدا و زۆر بەخێرایی دوای ئەوەی چەند رۆژ بوو هیچی نەدیبوو، زمانی دەرهێنا و یەکەمین گیانەوەری قوتدا کە رووی کردبووە ئەوێ، ئەوسا دەستی کرد بە هەڵگەران بە چاڵەکەدا.

بەقێ ب پتە پت ڤە گۆت:


" یا باش ئەوە کو هێشتا هێز د لەشێ من دا هەی خۆ هەلکێشمە سەری و بچم دا بزانم چ ل دویماهیکا دنیایێ هەیە "

ب لڤینەکا ب لەز و ژ نشکەکێڤە، پشتی چەند رۆژ بۆرین و چ نەدیتبوو، ئەزمانێ خۆ ئینا دەر و ئێکەم جانەوەرێ دیتی داعویرا، پاشی دەست هاڤێتێ و خۆ ژ بیرێ هەلکێشا سەری.



بەردەکانی دەوربەری چاڵەکەی گرت و دانە دانە پێیاندا هەڵگەڕا
تا گەیشتە سەرەوەی بیرەکە.

ب بەرێن بیرێ را هەلچوو و بەر بەر ب سەرکەفت
هەتا گەهشتیە لێڤا بیرێ.



که پێی نایە دنیای تازەوە.
شەماڵ دەستی نەوازشی بەسەر لك و گەڵای درەختاندا ئەهێنا.
هەتاو ئەیدا لەو پشتە سەوز و درەوشاوەیەی ئەو هەموو گوڵە مینا سپی وزەردانەش دیمەنێکی دڵرفێنیان هەبوو.
بۆقە بچوکەکە ئەم هەموو جوانییەی پێ خۆشبوو و لەم دیمەنە تێر نە ئەبوو.
لە هەمان کاتدا جانەوەرێکی چکولە هێدی هێدی و بە باڵە فرەهات و نیشتە سەر گوڵە مینایەك. بۆقەکە ئیشتیهای چووە گیانەوەرەکە و بە چاوتروکاندنێك راوی کرد.
کەگیانەوەرەکەی قوتدا هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشا ووتی:
" هەر باش بوو، باش، ئێستاش کە گەیشتومەتە ئەو پەڕی دنیا.
چاك وایە چاوێك بە دەوروبەرمدا بگێڕم".

پێ هاڤێتە دنیایەکا نوی.
بای تا و بەلگێن دارا د هەژاندن.
تیرێژێن هەتاڤێ ل پشتا وێ یا کەسك و تەیسۆك ددان.
گولێن سپی و زەر دیمەنەکێ دلڤەکەر چێکربوو.
بەقا بچویکۆك، ب ڤان هەمی دیمەنێن جوان،
کەیفخۆش بوو و ژ دیتنا وان تێر نە دبوو.
هەر دڤی دەمی دا، گیانەوەرەکا تام خوش چەنگێن خۆ لێکدان، ل سەر گولەکا مینا دادا. بەقێ ژی هەر د جە دا ئەو نێچیر کر.
دەمێ گیانەوەر داعویرایی، بێهنا وێ هات و گۆت:
" باشە، نهو باشتر لێ هات. مادەم ئەز هاتمە دویماهیکا دونیایێ،
یا باشتر ئەوە سەحەکێ ل دەوروبەرێ خۆ بکەم".




بۆقەکە کەوتە رێ و بە پاوانێکدا رایبوارد. لـە رێگا جار جارە ئەوەستا و گیانەوەرێکی راو ئەکرد و ئەیخوارد.
ئەوەندەی نەبرد بە جۆگەیەك گەیشت،
قەڵەمبازێکی دایە ناو ئاوەکەوە. بەڵام هێشتا رێگایەکی ئەوەندە دووری نەبڕیبوو کە لـە ژوور سەرییەوە دەنگێکی سەیر و هێمن هات.

بەق کەتە رێ و د مێرگەکێ را دەرباسبوو. ب رێ ڤە، جار جار دا راوەستیت و جانەوەرەکی نێچیرکەت و خوێت.
چ پێ نەچوو، گەهشتە جۆیەکێ، بازدا و خۆ هاڤێتە د ئاڤێ دا.
بەلێ هێشتا گەلەك دویر نە چوو بوو، ل هنداف سەرێ خۆ گوه ل دەنگەکێ هێدی و سەیرێ جانەوەرەکی بوو!



بۆقەکە زۆر ئازایانە کە خۆشی سەیری لێهات پرسی:
" تۆش یەکێکی لەو زیندەوارانەی ئەوپەری دنیا؟ "
مانگاکە وتی: " نە من مانگام و ئێرەش ئەوپەری دنیا نییە، ئێرە خودی دنیایە، لەوەرگەی منە، ئەوپەری دنیا لەوێیە، لەو سەری تەویلەکەیە".
ئینجا ماوەیەکی زۆر خەریکی ئاوخواردنەوە بوو. بۆقە سەوزە بچوکەکەش بریاریدا شوین رەوتی ئاوەکە بکەوێ و بزانێ بەکوێ ئەگا. چالاکانە خولێکی بە ناو پاوانەکەدا داو ئینجا خۆی گەیاندە گۆلاوێك.
بەڵام هەر ئەوەندەی گەیشتە ناو ئاوەکە. قیرە قیرێك رایچڵەکاند. دەیان ریشۆڵە بە سەر لاسکی درێژی قامیشەکانەوە دیلانییان ئەکرد و قیرە قیریان بوو. هەرکە یەکێکیشیان لە سەر لقێکی نزیك بۆقەکە نیشتەوە لێی پرسی:
" تۆش یەکێکی لەو زیندەوەرانەی ئەوپەری دنیا؟ "

بەقێ بێ ترس کو ئەوێ بخۆ ژی باوەر نە دکر، ژێ پرسی:
" ئەرێ تو ئێك ژ جانەوەرێن دویماهیکا دنیایێ یی؟ "
چێلێ گۆت:
" ئەز چێلم و ڤێرە نە دویماهیکا دنیایێ یە، ڤێرە دنیا ب خۆ یە، ڤێرە جهێ چەرا منە، دویماهیکا دنیایێ، ژ گۆڤێ ویڤەترە"
پاشی دەمەکێ درێژ ب ڤەخارنا ئاڤێ ڤە مژویل بوو. بەقا کەسکا بچویك بریار دا ل دویڤ رەوتا ئاڤێ بچیت و بزانیت دویماهیکا وێ دگەهیتە کیڤە؟
سڤك بازدا ناڤ مێرگێ و خۆ گەهاندە کورئاڤێ.
بەلێ، چاوا گەهشتە د ناڤ ئاڤێ دا، قیرەقیرەکێ ڤەجنقاند.
ب دەهان قەلەرەشکا خۆ ب قەرەما ڤە دهەژاند و قرقر دکر.
دەمێ ئێکی ژ وان ل سەر تایەکێ نێزیکی بەقێ دادابێ،
بەقێ پرسیار ژێ کر:
" ئەرێ تو ئێك ژ جانەوەرێن دویماهیکا دنیایێ یی؟ "



باڵندەکە بە دەنگێکی زیقن وتی: " نا من باڵندەیەکم و دنیاش بە ئەوپەڕ ناگا مەگەر بگەیتە ئەو سەری وشکایی، هەڵبەتە ڕێگاکەش یەگجار دووورودرێژە. چونکە منیش تا ئێستا بەوێ نەگەیشتوم بۆیە زۆر گوێ بەم مەسەلەیە نادەم. هەر ئەوەندە دنیایەش کەهەیە سەروزیادمانە!" ئەمەی وت و فرییە سەر قامیشێکی تر.

بۆقە سەوزە چکولەکە بە تەواوەتی گێژببوو و تازە خەریك بوو بڕێ شت تێئەگەیشت، بەخۆی وت:

" سەیرە! وادیارە دنیا زۆر لە چاڵەکەی من گەورەترە! "

ئەوسا ئیتر بڕیارە گەورەکەی خۆیدا.

"من لەگەڵ ڕەوتی روبارەکەدا ئەڕۆم بزانم چی تری سەیر و سەمەرە ئەبینم و ئەبیسم".

روبارەکە بە گۆلاوێك و لەوێشەوە بەدارستانێك ئەگەیشت بۆقە چکولەکەش بە چەند قەلەمبازێك خۆی گەیاندە گۆلاوەکە و لەوێشەوە بۆ ناو دارستانەکە.

قەلەرەشکێ ب قیژە قیژ و دەنگەکێ نەخۆش گۆت:

" نە، ئەز بالندەمە و چ دویماهیك ژی بۆ دنیایێ نینە. ب تەنێ ئەگەر تو بگەهییە هشکاتیێ. هەلبەت رێکا وێ یا دویر و درێژە و ئەز بخۆ تا نهو نەگەهشتیمێ، لەوما ئەز گرنگییێ نادەمە ڤێ مەسەلێ. ژ بلی ڤێ چەندێ، ئەڤ دنیایا هەی، ژ سەرێ مە زێدە یە! "

و فری و چوو ل سەر قەرەمەکێ دی دادا.

بەقا کەسکا بچویك. ب تەمامی گێژ بووبوو دگەل هندێ ژی گۆت:

"سەیرە! ئەڤ دنیایە چەند ژ بیرا ئەز تێدا دژیام مەزنترە " و ژ نوی د هندەك تشتا گەهشت.

بەقا بچویك بریارا خۆ یا مەزن دا.

" ئەز دێ ل گەل رەوتا روبیاری چم، دا بزانم چ تشتێ دی یێ سەیر هەیە ببینم و ببهیسم"

روبیار بەرەڤ کورئاڤەکێ چوو و پاشی گەهشتە دارستانەکێ، بەقا بچویك ب چەند بازەکا خۆ گەهاندە کورئاڤێ و پاشی گەهشتە ناڤ دارستانێ.




لە ژێر سێبەری فێنکی درەختەکانی ناو دارستانەکەدا، لەوێدا
کە روبارەکە بە نەرمە ئاوازێکەوە تێئەپەری و وردە بەردەکانی ئەلاواند.
بۆقە سەوز و بچوکەکە دیدارێکی زیندەوەرانی ناو دنیای دارستانەکەی
کرد. ئاسك و رێوی و سمۆرە و ورچی دی.
هەموو ئەم گیانلەبەرانەش پێیان وت کە دنیای ئەوان لەم دارستانەدا
دنیایەکی یەگجار جوان و نازدارە.

ل بەر سیبەرا هین یا دارستانێ، ئەو جهێ روییار ب ئاواز ڤە د ناڤ دا
د بۆری و خیز و بەر دگەل خۆ دلڤاندن. چاڤێن بەقا کەسك ب چەند
جانەوەرەکا کەت. وێ خەزال و سڤۆرە و رویڤی و هرچ دیتن.
ڤان جانەوەرا گۆتی کو دنیایا وان د ناڤ دارستانێ دا،
دنیایەکا گەلەك جوان و نازدارە.



بۆقەکە کە لەسەر تاتەبەردێك دانیشتبوو، ئەیویست نیوەرۆژە بکات وتی:
" سات لە دوای سات دنیای دەرەوە لە دنیاکەی خۆم سەیرتر ئەبینم،
منیش هەر وەکو خۆم لەگەڵ رەوتی روبارەکەدا ئەڕۆم و هەموو
ئەو شتانە ئەبینم کە پێویستە ببینم".
هێشتا ڕێگایەکی دووورودرێژی وای نەبریبوو و نەگەیشتبوو وە ئەو
جێگایەی کە روبارەکە لە سەر خۆ ئەرژایە دەریاچەکەوە کە تکە تکەی
باران وەکو ئاوازێکی خۆش نەوازشی گوێچکەکانی ئەکرد و نەرمە نەرمە
دڵۆپەکانی ئەبارینە سەر گەڵای درەختەکان بۆقێك هەموو تەمەنی لە
چاڵێکدا بەسەر بردبێ هیچی دەربارەی باران نەئەزانی!.
دڵۆپەی فێنکی باران بۆقە سەوزەکەی ئەوەندە سەرمەست کردبوو،
بایەکی کردە غەنجەیەی و دەستی کرد بە خوێندن و قیرە قیڕ.

بەق ل سەر تەحتەبەرەکی رونشتبوو و دڤیا فراڤینێ بخۆت، گۆت:
" ئەڤ دنیایا ژ دەرڤەی دنیایا من، دەم ب دەم یا خۆشتر و پر سەیرتر
لێ دهێت. ئەز دیسان دێ ل دویڤ رەوتا رویباری چم هەتا دگەهمە
دویماهیکێ و ئەو تشتێن پێدڤی دیتنێ بن ببینم "
هێشتا هند رێکەکا دویر و درێژ نەبریبوو و نەگەهشتبوو وی جهێ
رویباری هێدی خۆ دخشاندە د ناڤ دەریاچەیێ دا کو دەنگێ چپ چپا بارانێ
ب بەر گوهێن وێ کەت. و چپکێن دلڤەکەرێن بارانێ ئێك ل دویڤ
ئێکێ دکەفتنە سەر بەلگێن دارا.
بەقێ هەمی تەمەنێ خۆ د بیرێ دا بۆراند بوو لەوما چ ژ بارانێ نەدزانی!
چپکێن تەزیێن بارانێ، بەقا کەسکا بچویك وەسا سەرمەستی خۆشیێ کر
کو تووشی غرورێ بوو و دەست ب ویرە ویرێ و خاندنا ئاوازا کر.



پاشان، تۆزێ بێدەنگ بوو تا وەکو پشوویەك بدات، لەم کاتەدا کۆمەڵێ دەنگی سەیروسەمەرەی هاتە گوێ:
دەنگی بۆقەکان بوو! دەنگی هەزاران هەزار بۆق بوو کە لەژێر ئەو بارانەدا سرودیان ئەخوێند و قیڕە قیڕیان ئەکرد.

پاشی، بۆ دەمەکێ بێ دەنگ بوو داکو بێهنا خۆ ڤەدەت. دڤێ دەمێ دا، هندەك دەنگێن سەیر هاتنە گوهێن وێ.
دەنگێ بەقا! دەنگێ ب هزاران بەقا دهات کو ل بەر بارانێ ئاواز د خاندن و ویرویر دکر.



بۆقە چکولەکە قەیرێك دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە.
بیری لە مانگا و لە دنیاکەی کردەوە کە لەوەرگاکەی بوو.
بیری لە باڵندە و دنیاکەی کردەوە کە گۆلاوەکە بوو.
بیری لە زیندەوەرانی ناو دارستان و دنیای سەوزی ناو دارستان کردەوە.
بیری لە دنیا بچوکەکەی خۆی کردەوە – دنیای بۆقێکی سەوزی چکولە – لە چاڵێکدا.
پاشان بەخۆی وت:
"باشە وا ئێستا باران ئەبارێ چاڵەکەی من پڕ ئەبێتەوە لە ئاو، رەنگە باشتر وابێ بگەرێمەوە بۆ دنیای بچوکی خۆم، بۆ ناو ئەو بەردە لووسانە".
بەڵام دوبارە گوێی دایە ئاوازی ملێونان بۆق ئێستاش کە لە جاران زاناترە وتی:

بەقا بچویك پیچەکێ روینشت و هزرێن خۆکرن.
هزر ل چێلێ و دنیایا وێ کر. هزر ل بالندا و کورئاڤا وان کر. هزر ل گیانەورێن دارستانێ و دنیایا کەسکا وان کر.
و هزر ل دنیایا خۆ ـ دنیایا بەقا کەسکا بچویك ـ د بنێ بیرەکێ دا کر.
پاشی گۆتە خۆ:
" باشە، نهو کو باران ژ ئەسمانی باری، بیرا من دیسان دێ تژی ئاڤ بیت، ئەز دبێژم بۆ من باشترە ڤەگەرمە دنیایا خۆ یا بچویك د ناڤ بەرێن لووچ و کەڤزگرتی دا "
بەلێ دیسان گوهـ ل ئاوازێ جوانێ ملیۆن بەقا گرت.
ب راستی، نوکە، ئەو ژ بەرێ زاناتر لێهاتبوو و گۆت:



" هەر بۆقێکی نەزان و نەشارەزا ئەتوانێ سەرپاکی تەمەنی تاك و تەنیا لە چالێکدا بژی و بەختەوەریش بێ. بۆقی زانا و شارەزا لە دەرەوەدا بەختەوەر ئەبێ".

پاشان بە پا درێژ و بەهێزەکانی قەڵەمبازێکی دا، کە ئەمەش بەرزترین قەڵەمباز بوو تا ئێستا دابێتی.

" ب تەنێ بەقەکا نەزان و نەشارەزا دێ هەمی تەمەنێ خۆ ب تەك و تەنیا د بنێ بیرەکێ دا بۆرینیت و ب ڤێ چەندێ یا کەیفخۆش بیت.

بەقەکا زانا ژ دەرڤەی بیرێ یا بەختەوەرترە "

و پاشی ب لنگێن خۆ یێن درێژ و بهێز بازدا، ئەڤە بەرزترین باز بوو کو هەتا هینگێ هاڤێتی.



تا لە پرێکا کەوتە ناو هەزاران هەزار بۆقەوە کە پێکەوە و بە یەك دەنگ ئەیانخوێند.

ژ نشکەکێ ڤە خوٚ د ناڤ هزاران هزار بەقان دا دیت کو ب پێگڤە و ب ئێك دەنگ ئاواز دخواندن .





# وەشانێن سپیرێز بۆ زارۆکان

